www.kurdistannet.org
22/05/2002 00:41

ئازیزەکەم، گوندەکەمان، هەر سی چل ماڵێکە. خانوەکانی، لە خشتی کاڵەو کولآنکەی کەمە. دروستکراوی بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەلداری تێدایە. قەسری چەند نهۆمی پاشاو بەگزادەی لیَ نیە. مرۆ سادەو بی فێڵن. خۆفرۆش نین. چاویان لە زەوی و زاری یەکتر نابڕن. !! چە زۆرە زەوی بە پیت و ئاو زۆرە. ئەوەی هێزی هەبیَ، با بچیَ تۆ بکات، حەیوانە کێوی راو بکات. بە بەردی تیژو هەوجاری سادەو ئاگرکردنەوە دەژین. کەنگرو ترشۆکەو ریَواس و بەروو دەخۆین. ئەو خواردنانەش لە گەدەو لەشمان دەکەویت، وەك فیل دەرسکێن، نەخۆش ناکەوین. ورگمان گەورە نابیت، توشی نەخۆشی دلّ و زەغت و شەکر نابین. . !! ناوی نەخۆشی بەدی ئایدز نایێتە گوێمان. ! چاوتیژو بازو ئەستورو بەغار دەبین. یەکو کەولە حەیوانە کێوی لە قەدمان دەئالێنین. لە جیهانێکی تەنیا دەژین. مانگ مانگ، دەم لەناو دەم دەبین. ئاسۆکەش بێگەردو پاك و بیَ دووکەلّ و بیَ کاربۆنە. هێمن و دوور لە دەنگی ناخۆشی مێشکبەری مەکینەکانی شار دەژین.

نازدارەکەم، جارجاریش شۆردەبینەوە بۆ ئەشکەوتی " هەزارمێرد" و "شانەدەر"، بیَ منەت کەلّوپەلی قورینی جاران لە بن خۆلّی زەمانە، دەردەهێنینەوە، دەچینە راویَ، کەوو سمۆرەو بزنە کێوی و پلینگ و مریشك و مامز، راو دەکەین. ئەوانەی ماڵی دەبن، بەخێویان دەکەین. ئەوانی تر، سەردەبڕین و گۆشتیان دەخۆین، زیادەکەی بۆ زستانی ساردو درێژ دەکەینە قاورمە. دونیا تاریکە، هەوا سازگارە، بەیەکەوە، ئاوێتەی یەکتری دەبینەوە. لەشەوانی مانگە شەودا تەماشای لوتکەی سپی شاخی بەرز دەکەین. خەوی خۆشی و تێریمان لیَ دەکەویێت. "هەتان"، بۆ ئاژەلەکانمان دروست دەکەین، گەنم و جۆو نیسك و نۆك دەچینین. " کوندەڵان " و " خەشیو" و " قوتان" و " عەمبار " و " هەرزالە " و " کادین " و " کەندو " و " دەلاقە " و " چالّ " و " بن ئەستێرك " و " چالّەبەفر " و " سارداو " و سەبەتەو سەوەو قەرتالّەو مەشکە، هەموو شتیَ پڕ زەخیرە دەکەین. پاشایانە دەژین. هەر بۆخۆمان دەبینە سەرۆك کۆمار، لێپرسراوی بانقی مەرکزی، ئەفسەر، ماموستا، دکتۆر و. . ئەشکەوتەکانمان دەکەینە بالاخانە، دۆلّ و باخچەو مێرگمان بەراوە. لەم شارەدا پێویستمان بە بیناسازو ئەندازیاران " ئەنیتو گاودی" ئەسپانی و" فولتیر کروبیس" ی ئەمریکایی و " لیکوربوزیە" ی سویسری نابیَ. . !! بۆ نەخشەدانان و نەخشەسازی باخچەی هەلّواسراوو مۆزەخانەو شاری ئاپوورەو هێلی هاتوچوی سەفەرمان نابێت.

من و تۆ بۆ خۆمان، تۆ بە کەلانگوچکی شۆرو سوخمەی تەنك و کراسی بە باخەلّ و فیستانی بادینی، کەمەرو پشدێنی مهابادی دەخزێینە ناو رەزو باخچەو بیستان، سێبەری دارگوێزو رەشماڵی کوێستانی هەوای سازگارو کانی بێگەرد، لەناو هەزارەها گوڵی رەنگین و بە بۆن و بەرام و گیای تەڕ، لەگەلّ ویزە ویزەی هەنگ و دەنگی قومری، بە چرو بڕینەوەو هەلّگرتنی جۆخین و ساوەر کوتانەوەو ژیانێکی خۆش و خەونێکی بەهەشتی مشت پەپولەی پەمبەو ناسك دەبەینە سەر.

لەوەتی کاریتەو شەقرەمان کردیتە ساپیتە، پەرەسیلکەی مێوان، هێلانەی لەبن دروست دەکات، دانەویلەو رزقی خۆی لە حەوشە بەرینەکەو جۆخینە کراوەکەمان هەلّدەگرێتەوە، بە رەحەتی و بەبیَ ترس بێچوەکانی گەورە دەکات، ئەگەر جارجاریش بکەونە خواریَ، ئیمە بەدەستی نازەوە بەزریان دەکەوینەوە. تا بالّ دەگرن نازیان دەکێشین. ئیمەش لەمێژە وتومانە:

روون هەبیَ لە هیزە مێوان ئەزیزە.

*****

ئەزیزەکەم، کە" هەنوان" مان تێکچوو، " خانگە "کەمان هەرفی، کانیەکان کوێرکرانەوە، ساپیتەکانیان تەپاندە سەریەك، هێلانەیان رووخاند، چۆکمان شکا، کوێرایمان داهات.

جاران چەند خۆش بوون کە تریَ رەشمیری، هەرمی شێخانی، دۆشاومان زۆر دەبوو. بارگێرو کەرمان باردەکرد، دەچوینە گەرمیان. گوندبەگوند دەگەراین، هەواربەهەوار، دەچوینە سەرجۆخینەکان. بەگەنم و بەجۆ، سەربەسەر، دەمانگۆڕینەوە، ئەو خەلّکەمان بە شیرینی خەنی دەکرد. کۆشی منالآنمان پڕدەکرد. مێوژی رەش و گوێزو قەزوانمان بۆ دەبردن. بوك و زاوامان بە مێوژی رەش و سوورو کاکلە گوێزو قەیسی تێردەکرد. خیَ و خورمامان لە حوشترەوانەکان دەکڕی، تریَ و هەرمیمان دەگەیاندە هەموو گوندێکی ئەم دەڤەرانە.

www.kurdistannet.org
22/05/2002 00:41

٣٥: كوندەلآن: دروستكراوێكی سادەیە، لەناوەندی حەوشەی گەورەی ناوچە گەرمەكانی كوردەواری دروستدەكرێت، دوو نهۆمەو سەرەكەی سێبەر بۆ ئەو كوندە ئاوانە دەكات، تا خۆریان بەرنەكەوێت بە ساردی و فێنكی بمینێتەوە. زۆریش مێوەو سەوزەی لە ژێرەوەی دادەنرێت.

٣٦: خەشیوو: ژووری زەخیرەیە.

٣٧: قوتان: شوێنێكە بۆ هەڵگرتنی گۆزەو چەرەی ئاو.

٣٨: هەرزاڵە: ئەستێرك: لەژووری خێزانە، بۆ هەڵگرتن و كۆكردنەوەی زەخیرەو كەلوپەلی ناوماڵ بەكاردێت.

٣٩: كەندوو: دروستكراوێكە بۆ هەڵگرتنی ئاردو دانەوێڵە بەكاردێت، ئەوەش وەك ئەستێرك و كەندوو لەناو ژووری خێزانەدایە.

٤٠: چاڵ : قۆرتێكی لوولی قوڵی بەرینە، دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێت، تا لە زیندەوەرو تەڕبوون بپارێزرێت، چاك سواخدەدرێت و سەری جوان دادەخرێت و چواردەورەی بە كا دەگیرێت.

٤١: چاڵەبەفر: شوێنێكی قوڵە، لە زۆزانەكانا بەفری بۆ هاوین تێدا هەڵدەگیرێت.

٤٢: سارداو: حەوزی ئاو خواردنەوەیە.

٤٣: شەقرە: داری كورتە هەر ١,٥ ــ ٢ مەتر درێژ دەبێت، پاش دارەڕێ دەخرێتە سەر كاریتەكان، جوان و بەرێز دادەنێرن. دار ئەسپینداری درێژو ئاسایی دوو دارهەولێری تێدەبێت، سەرە باریكەكەی دار ئەسپیندار دەبێتە شەقرە، ئەوی تری دەبێتە دارهەولێر، بۆیەش دارهەولێری پێدەڵێن، چونكە لەناوچەكانی خۆشناوەتی كاریتەكانیان بۆ فرۆشتن بۆ شاری هەولێر هێناوەو هەر لەشارا ئەم دارانە رەواجی زۆرتری هەبووە، واتە لەخانووەكانی سەربەكاریتەكانی شار بەكارهاتوون.

٤٤: مارنج: ئەو ئامێرە دەستییە قووری ژوورەوەو دەرەوەی دیوارا لووس دەكات، بەكارەكەش وتراوە مارنجكردن.

٤٥: ئاخوور: دروستكراوێكی درێژو باریكە ئالیكی بۆ وەڵسات لەناودا رووەدەكرێت، لە قووردروستدەكرێت.

٤٦: دلال: پردە كۆنەكەی ناو شاری زاخۆیە، لەبەردی زەلامی و پتەو دروستكراوە، بناغە و كەوانەكانی زۆر زیرەكانە دروستكراون، گوایە، لە رۆژی یەكەمی دروستكردنی پردەكە بڕیاریاندابوو قوربانی بۆ بكەن، هەر كیژێكی بەوێی گوزربكات و ئاو بە گۆزە لەو رووبارە بێنێت، لەژێر بناغەكەی دادەنێن، وا رێكەوتووە كیژی ناڤداری پاشای ناوچەكە، دلالخان هاتووە، ئەوانیش لەسەر بڕیارەكەی خۆیان و بەرەزامەندی پاشاوە ئەویان كردووە بە بناغەی پردەكە و ناوەكەی لە ناوی ئەو كیژە پاشایە نازدارەوە هاتووە. پردەكە بە خۆراگری و جوانی ماوەتەوە و بۆ پیادە بەكارێت.

٤٧: گوفەك: زبڵدانی گوندەكانەو ساڵانە كوورەچییەكان بەبارو دواییش بە لۆری زبڵەكانیان بەسەبەتان بۆ سوتاندن و تێكەڵكردنی بەقوورە بەجەرگەكەی كوورەكانیان كۆیاندەكردەوە.

٤٨: هەزاربڕ: ئەو كرێكارە زاناو لێزانەی كوورەكانی كەرپووچە، بەهەزارو بە كرێ خشتی دەبڕی، واتە بە رۆژانە كاری نەكردووە، بەهەزار خشتی بڕیوە. لە بڕین و ئامادەكردنی خشت بۆ سوتاندن و سازكردنی زۆر كارامە و لێهاتووبون.

٤٩: سپیترك: قاڵدرمە.

٥٠: خەسارە: داری ناوەندی دارە ڕێیە.

٥١: بەرسڤك: هەیوان.

٥٢: مێردرەوە: ستارەیەو لەهەندێ شوێندا پاردەو بەیتونەشە.

٥٣: دێچرو: داری مازوو، یان داری بەروو لقی بۆ هەڵگرتنی چرو بەكارهاتووە، ئەو دارانە بە هیچ شێوەیەك نابڕێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر جوان پارێزگاری كراوە، هەر ماڵێكی ئاژەڵدار دێچروی تایبەتی خۆیان هەبووە، ئەوەی وەڵساتی زۆرتر هەبووە لەیەك و دوو دێچروی زۆرتر هەبووە.

٥٤: سەرشۆرك: گەرماوی خێزانە.

